سالّی دووەم   ژمارە (١٤)   کانوونی دووەمی ٢٠٠٨

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

مانگانە لەسەر مالّپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە




# دکتۆر کەمال میراودەلی

## لە دیداری زنارد..... بەشی دووەم

لاپەڕە ٨..................



# ڕێگا رەئووف

## بۆ زنار لە بارەی مەسەلەی ژنان دەدوێ

دەدوێ..لا.....٢٦......

# ئێستێتیك



هێردەر فۆرمی ناو نا "جەوهەر"ی هونەر و جوانێتیشی

...لا٣٢...



## کاتێك ناپاکی هاورێیەك دەبێتە هۆی ناکام بوونی خۆشەویستی

....لا٤٥......



## سێگۆشەی بەرمۆدا

هەندێك لە نهێنیە سەرسوڕهێنەرەکانی گەردوون

لا٦٤....


خاوەنی ئیمتیاز :

ئەردەلان یوسف محمد

(ئەردەلان مام وسو دزەیی)

سەرنوسەر:

قادر ئەحمەد عومەر

(هەلّگورد)

halgordpshdare@yahoo.com

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا   ٠٧٥٠١١١٣٢١٨سانا

بەڕێوەبەری نوسین :

غەفور نادر حەمەدەمین

gafurranya@myway.com

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا   ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا








نوسینگەی گۆڤار:

ڕانیە- بازاڕی کوردۆ

نهۆمی دووەم

ئیمەیلی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com


زنار تەنیا لەو بابەتانە بەرپرسە کە لۆگۆی گۆڤارەکەی بەسەرەوەیە

# بۆمبە بەشەریەکان

ڕاپۆرتی پاولۆ پۆنتۆنیری- هەفتەنامەی ئێکسپریسۆی ئیتاڵی

وەرگێڕان و پوختەکردنەوەی:هەڵگورد

لە مانگی تشرینی دوەمی ساڵی ڕابردوو شاری باگلانی ئەفغانی کە(١٥٠) کیلۆمەتر لە کابول دوورە قەسابخانەیەکی بەخۆیەوە بینی کە لەلایەن تیرۆرستێکەوە ئەنجامدرا لەدژی وەفدێکی پەرلەمان، ئاکامی ئەو کردەوەیە کوژرانی پتر لە ٥٠ کەس بوو. ئەمە ترسناکترین کردەوەیە لەمێژووی نوێی ئەفغانستان کە دەخرێتە سەر زنجیرەی ئەو کاولکاریو کوشتنەی نەسنوور، نە پانتایی جوگرافی دەزانێ.

تەنها لەعێراق خۆکوژە خاوەن پشتێنە بۆمبرێژکراوەکان لەماوەی هەشت مانگدا پتر لە(٨٠٠)چالاکیان ئەنجامداوەو نزیکەی( ١٥٠)سەدو پەنجا هەزار کوژراو بریندراری لێکەوتۆتەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی لێکۆڵەرەوانی سەنتەری توێژینەوەی کەنداو لە دوبەی، کە تایبەتە بە بواری ئاسایشو زانیاریەکان ئەگەر داتاکان لەسەر ئاستی جیهان کۆبکرێنەوە ژمارەکان زۆر ترسناکن، تەڵەزگەی مەرگ خەریکە گەردون بەرەو تەقینەوە دەبات، ئەمەش بەدڵی تیرۆرستانە. زۆربەی جار ئامانجەکان، لەعێراق مزگەوتەکانن، لەئیسلام ئاباد بازاڕەکان، لە لەندەن شەقامەکان، لە بالی یانەکانی شەوانە، لە مۆسکۆ شانۆکان، لە کشمیریش شوێنە قەرەباڵغەکان دەبنو هیچ کەسێك ناپارێزێت، منداڵ، ژن، گەشتیار، حاجیەکان، سەرباز، سڤیل، هەموویان ئامانجن بۆ (کامیکازەکان*)ی شەری ئاینیو ململانێ تایفیەکان، بەپێی ئەو ئەنجامەی لێکۆڵەرەوەکان لەو سەنتەرە پێیگەیشتوون، خۆکوژەکان(کامیکازەکان) ئەوانەی کە پەنجەیان لەسەر پشتێنە بۆمبرێژکراوەکانیانە بوون بە چەکێکی ستراتیژی مەترسیدارو ناوی( بۆمبی بیرکەرەوە)یان لێنراوە کە دەخرێنە ناو مەیدانی شەڕەوە، بۆ ئەوەی لەدژی تانك، کلاشینکۆف، مووشەك، بەکاربهێنرێن. لەکاتێکدا هەر یەکێك لەو چەکانە دەتوانرێت پێشی پێبگیرێت، بەڵام ئەوەی یەکەمیان ناتوانرێت بوەستێنرێت. هەروەها بە پێچەوانەی بۆمبی زیرەك، مینی دژە کەسیو چەکە دژی تانکەکان، خۆکوژە بۆمبرێژکراوەکان" فتیلەیەکی درێژیان پێوەیە کە داگیرسا چەندین ساڵی پێویستە تاکو کۆتایی دێتو تەواو دەبێت". جیراڵد پۆست دەڵێت" وێنەی هەندێك منداڵم بینی کە تەمەنیان لە دە مانگ تێپەڕی نەدەکرد، پشتێنی بۆمبرێژکراویان لە کەلەکە پێچرابوو، هەروەها منداڵی تەمەن دوو ساڵان بەهەمان شێوە لە یەکێك لە خۆپیشاندانەکانی گروپە توندڕەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"(جیراڵد پۆست) بەڕێوەبەری پەیمانگای سایکۆلۆژیای سیاسیە لە زانکۆی جۆرج تاونو دانەری کتێبی(leaders an their followers in a dangerous world) سایکۆلۆژیای هەڵسوکەوتی سیاسی، ناوبراو دەڵێت" خۆکوژەکان هەر لە منداڵیەوە ئامادە دەکرێن" چاوپێکەوتنم لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی گروپە خۆکوژیەکان ئەنجامداوە؛ هەموویان بۆیان دووپات کردوومەوە کە هێزەکانیان زۆر بە دیقەتەوە هەڵدەبژێردرێن لە ناو ئەو خێزانانەی کە تەواوی ژیانی خۆیان بۆ پشتیوانیو سەرخستنی مەسەلەکەیان تەرخان کردووە ئەو منداڵانە لە کەسوکاریان دوور دەخرێنەوەو پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانیان دەبەستن، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگریش هەیە کە ئەوانە لە لایەن کۆمەڵگاکانیانەوە بە جۆرێك لە پیرۆزی سەیر دەکرێن، وەکو ئەو کەسانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە دەستی ڕۆژگار بەرگی خواپەرستیو شانازی بەخۆوەکردنو توندڕەوی وەرزشیو ئاینی پێبەخشیون. ئەوان هەڵبژێردراون، ئەوان ئەوکەسانەن قەدەر هەڵیبژاردون کە دەستی گورز وەشێنی خوا یاخود حزب بن، هەر بۆیە دەبنە جێگای ڕێزو خۆشەویستی ئەوانەی لەدەوروبەریانن.

## بەجیهانیبوونی مەرگ

لەکاتێکدا کە دروستکردنی کامیکازی خۆی لە پیشەسازیەکی خێزانی ئاساییو مۆرکراو بە خۆدەرخستنێکی ئاساییدا دەبینێ، ئەگەرچی خوێناویو ڤێزەونیش بێت. ئەوا بەداگیرکردنی عێراق، دۆسیەکانی تایبەت بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، تافیگەیەکی گرنگیان دەستکەوت کە سوودی بۆ تاقیکردنەوەی تەکنیكو شێوازو هۆکارەکانیان هەبوو کە دواتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سوودیان لێوەرگیرا. ئەم تێبینیە لەلایەن پسپۆڕی بواری ئاسایشی نێودەوڵەتیو بەڕێوەبەری پێشووی بنکەی نەهێشتنی تیرۆر لە) CIAیەنشتینت کانیستراو) دراوەو دەڵێت" ئەوە مانای ئەوە نیە کە نامیلکەیەکی ڕێنماییان لایە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠١وە پەنا بۆ پشکنینو شیتەڵکردنی ئەو شێوازانە دەبردرێت کە ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانو بزوتنەوە ڕزگاریخوازیەکان پەیڕەوی دەکەن لە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە، ئەمەش هەموو یەکێك لەوان فێری دەکرێن" لێکۆڵەرەوانی بنکەی توێژینەوەی کەنداویش بە هەمان ئەنجام گەیشتوون، ئەوان ئاشکرایان کرد کە ئەگەر بێتو بەراوردێك لە نێوانیاندا بکرێت، ئەوا هێرشە خۆکوژیەکانی دوای داگیرکردنی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانو پێشکەوتنی لە ڕووی وێرانکاریو سەرکەوتوویەوە بەخۆوە دیتووە لەوەی پێش داگیرکردنی عێراق ئەنجامدراون...بەڵام لە ئەفغانستان چالاکیەکان بەرەو ئاراستەیەکی کارەساتئامێز دەچن، نەك تەنها لە ژمارەی هێرشەکاندا، بەڵکو لە هەڵبژاردنی ئامانجە هەڵبژێردراوەکانیش کە هەوڵدەدەن بەردەوام ئامانجی ستراتیژی بن.

نموونەی ئەفغانی: بەپێی گوتەی (حیکمەت قەرەزای) بەڕێوەبەری پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ململانێو ئاشتی لە کابول" هێرشە خۆکوژیەکان لە ئەفغانستان کە بەر لە ساڵی ٢٠٠١ بوونیان نەبوو لە یەکەوە لەو ساڵەدا گەیشتوە بە سێ لە ساڵی ٢٠٠٣و لە ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتووەبە(١١٨) هێرش". بە بۆچوونی (مستەفا ئەلعانی) بەڕێوەبەری یەکەی ئاسایشو تیرۆر لە بنکەی توێژینەوەی کەنداو لە ٥٠%ی ئەو چالاکیە سەربازیانەی لەلایەن تالیبانەوە ئەنجام دەدرێن بریتین لە هێرشی خۆکوژی. کانیستراو لەوبارەیەوە دەڵێت" پێویستە سەرمان سوڕنەمێنێ، تالیبان بۆیە ئەو ستراتیژیەتەی هەڵبژاردووە چونکە لەعێراق سەرکەوتنی بەدەستهێنا"سەرکەوتنەکانی تالیبانیش لەو بارەیەوە بە ئاشکرا لە مانگی ئەیلوولی ڕابردوو بەدەرکەوت، کاتێك خۆکوژەکانی تالیبان پاسێکیان لەناو جەرگەی کابول تەقاندەوەو لە ئەنجامدا حامید کەرەزای ڕایگەیاند کە ئامادەیە حزبەکەی مەلا عومەر بێنێتە ناو حکومەتەکەی. هەر لەوبارەیەوە گووتی" من ئامادەم بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لێبکەم، ئەمەش پەیوەندی بەو حەزەوە هەیە من بۆ دانانی ڕاددەیەك بۆ ململانێو شەڕو شۆڕ لەناو ئەفغانستاندا هەمە" بەڵام وەڵامی تالیبانبۆ ئەو پێشنیارە تەقینەوەیەکی دیکەبوو کە بوو بەهۆی کوژرانی ١٣ کەس.

بێوەژنە ڕەشپۆشەکان: دوای ئەزمونی عێراق ناوی چیچان دێتە پێشەوە، ئەو وڵاتەی کە جەنگێکی خوێناوی لەدژی ڕوسەکان تێدا بەرپاکرا، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو ململانێیە لە ناوچەی قەوقاز



خۆکوژەکان هەر لە منداڵیەوە ئامادە دەکرێن

شێوازێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە ئەویش لە لایەن ئەو ئافرەتانەوە ئەنجامدەدرێت کە بە﴿ بێوەژنە رەشەکان﴾ ناسراون، بەهۆی ئەو جلو بەرگە رەشانەی لەکاتی هێرشەکان لەبەری دەکەن. تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ رێژەی ئەو چالاکیانەی ژنە رەشپۆشەکان ئەنجامیان داوە٤٢٪ی تێکڕای هێرشە خۆکوژیەکان بووەو ٥٨٪ لە لایەن پیاوانەوە ئەنجامدراون، یەکێك لەو چالاکیانە لەلایەن دوو خووشکەوە ئەنجامدراوە، هەردوو خوشکان ئەماناتو رۆزا نانیفا پێیهەڵسانو لە دوو چالاکی جیاوازدا بونە هۆی کوشتنی زیاتر لەسەد کەس، یەکەمیان لە ئەیلولی ٢٠٠٤ بەهۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەكو دووەمیان لەناو میترۆی تونێلەکانی مۆسکۆ بوو. هەر بۆ زانیاری زیاتر یەکەمین چالاکی لەلایەن ئافرەتانەوە ئەنجام بدرێت لەچیچان لەساڵی ٢٠٠٠ لەشاری خان- یۆرت لە لایەن خافا بارایيفاوە ئەنجامدراوەو بوو بەهۆی کوشتنی ٢٧ سەربازی رووسی.

پڵنگەکانی تامیل: ئەگەر لە چیچانو لەژێر فشاری کۆمەڵەی نێودەوڵەتی لەسەر رووسیا ئەو یەکگرتنە لە نێوان ئارەزووە عەلمانیو ئاینیەکە کە هێزەکانی بەرگریکار هەوڵیان بۆ دەدا لە پێناو گەیشتن بە چارەسەریەك لەو ناوچەیە بەدیهات. ئەوا لێکۆڵەرەوان لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووپاتی دەکەنەوە کە هێرشە خۆکوژیەکان هەمیشە مۆرکێکی ئاینیو ئیسلامیان نەبووە، بەڵگەشیان بۆئەوە، پڵنگەکانی تامیلە کە زۆرینەی زۆری هێزەکانیان لە مارکسیەکانو هیندۆسەکان پێك دێت، ئەوانیش بەهەمان شێوە لەساڵی ١٩٨٧ەوە پەنایان بۆ هەمان چەك بردووەو دوا چالاکیان لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦لە لایەن چەکدارەکانی تامیل دژی کاروانێکی دەریاوانی سریلانکی ئەنجامداو بوو بەهۆی کوشتنی ٩٥ دریاوان. هەروەها پڵنگەکانی تامیل دوو یەکەیان دروست کردووە کە ئەندامەکانی بۆ ئەنجامدانی چالاکی خۆکوژی هەڵبژێردراون. لەبڕی ئەوەی حالەتی پڵنگەکانی تامیل نەشاز بێت، ئەوا دەبێتە بنەما. ئەگەر سروشتی چالاکیە خۆکوژیەکانی ئەم سەردەمە، بەوانەشەوە کە لەکاتی شەڕی لوبنان لە ساڵانی حەفتاکانەوە ئەنجامدراون شیبکەینەوە، دەبینین کە لەناو(٣٦٢) هێرش کە تۆمارکراون تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ لەناوچەکانی وەك، سریلانکا، ئیسرائیل، فەلستین، عێراق، نیۆیۆرك، تیایدا (٤٦٢) کامیکازی بەشداربوون، تەنها ٤٢٪ لەلایەن گروپە ئاینیەکانەوە ئەنجامدراون، ئەمەش سروشتی ئاینی رەها بەسەربەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانەوە رەتدەکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە راستیەکی دیکەش هەیە کە لە٧٠٪ ئەو چالاکیە خۆکوژیانەی لە لوبنان ئەنجامدراون لەلایەن خەڵکێکەوە ئەنجامدراون کە سە بەتایەفەی کریستیان بوون.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر لایەنی ئەرکی(واجب)ی هاندان بۆ شەهید بوون لەبەرچاوبگرین کە هەژموونی بەسەر گروپە توندڕەوەکانەوە لە هەردوو ئاین (ئیسلامیو کریستیان)هەیە، هۆکاری ئەوەی هێرشە خۆکوژیەکانی کردۆتە چەکێکی ستراتیژی، کاریگەری زۆری ئەو چەکە بووە. هەروەکو (جۆن بایك) بەڕێوەبەری( گلۆبال سیکۆرتی ئۆرغ)کە بنکەیەکی تایبەتە بە مەسەلەکانی ئاسایش، جەنگ، تیرۆر دەڵێت" هێرشە خۆکوژیەکان زۆر چەکێکی زیرەکانەو وشیارانەیە، تا رادەیەك خەرجیەکی کەمی پێویستە، سەبارەت بەحوکمدان لەسەر ئەو بارودۆخەی عێراق، ئەوا رێژەیەکی زۆر لەیەدەگ هەیە لەوانەی ئامادەن بۆ هەڵزنان بەسێدارەی شەڕی پیرۆز".

⋆ کامیکازی: ناوێکە لەجەنگی جیهانی دووەمدا بەو فرۆکەوانە خۆکوژە ژاپۆنیانە دەگووترا کە بەفرۆکەکانیانەوە خۆیان بە ئامانجەکانی دووژمنانیاندا دەتەقاندەوە (وەرگێڕ)

# عەدالەت عومەر:
# من پالێورابووم بۆ
# بـەڵام کـوتلـەو کو



**عەدالەت عومەر، بە کەسێکی چالاک لە بواری ئەنفال ناسراوە، کە تا ئێستاش کاری تێدا دەکات، بەو هۆیەشەوە زۆرجار بە عەدالەت ئەنفال بانگ دەکرێ، زۆربەی کاتیش جلی رەشی لەبەرە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠یە لە ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٩٨ ئاوارەی ئێران بووە، ئێستا راوێـژکارە لـە وەزارەتـی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یەکێک بوو لە پاڵێوراوان بۆ وەزیری شەهیدان، بەڵام نەکرا بە وەزیر، لەو دیمانەیەدا باس لـە هۆکاری نەبوون بە وەزیری دەکات.**

**دیمانە : بەهرە حەمەڕەش**

# وەزیری شەهیدان
# تلەکاری نەیهێشت



زنار: کەی چوونە ئێران و چەند مانەوە؟ ژیانی ئاوارەیی چ کاریگەرییەکی لەسەر عەدالەت هەبووە بۆ ئەوەی تێکەڵی سیاسەت و حیزبایەتی بێت؟

عدالەت عومەر:ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی ئێران بووین، ئەو کات تەمەنم چوار ساڵ بوو، لە ئۆردوگای رەبەت لە نێو خێمە دەژیاین، کە زۆر بیرەوەری تاڵم لەگەڵ ئەو شەوانەیە کە باران دەباری و ئاو دەهاتە ژێر خێمەکان، دەبوایە تابەیانی لەسەر پێ بوەستین. باری تەندروستی خراپ بوو، زۆر لە منداڵ و بە ساڵاچووەکان دەمردن، تەحەمولی ئەو ناخۆشی و دژواریەیان نەدەکرد. کە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول راگەیەندرا، بەسەر شارەکان دابەشکراین، دواتر لە شارەکانیش بۆ گوندێکی سەر سنوری رووسیا گوازراینەوە، ژیانی ئەوێشمان زۆر ناخۆش بوو، خەڵکێکی دواکەوتووی تێدابوو کە زۆر حسابیان بۆ شیعەو سوننە دەکرد، زۆرجار لە رێگای مەکتەب لێدانمان دەخوارد بە دەستی منداڵەکانی ئەوان. بێگومان ژیانی ئاوارەیی کاریگەری و هۆکار بوو لە هاتنم بۆ ناو کاروباری سیاسی و حیزبایەتی، هەروەها باوکم زۆر هاندەر بوو، هەر زوو ئێمەی خستە نێو کاروباری رێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و لاوان، لە ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی رێکخراوی ئافرەتان بووم لەم ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەی کە من سەرپەرشتیم دەکرد ئافرەتی لە خۆم زۆر گەورەتری تێدابوون، هەفتەی جارێک کۆبوونەوەمان دەکرد، هەوڵمان دەدا جل و بەرگ و بەتانی و داو دەرمان کۆبکەینەوە بۆ پێشمەرگەی بنێرین، دواتر کە لقی ئاوارەی ئافرەتان هەڵوەشایەوە ئێمە چووینە ناو حیزب وەکو کادر ئیشمان دەکرد.

زنار:چۆن تێکەڵی مەسەلەی ئەنفال بوویت؟

عەدالەت عومەر: لە رێگەی ئەو راپۆرتە حیزبیانەی بۆ بابم دەهات بۆ ئێمەی باس دەکرد کە چی بووەو چیان بەسەر هاتووە، چۆن دەستیان بەسەردا گیراوە، هەروەها کارەساتی ١٩٨٨ ئاگادار بووین بە هەمان شێوە ئاگامان لەو دەردەسەریانە بوو کە خەڵکی تێدا بوون. ژیانی ئاوارەیی و نەهامەتییەکانی هۆیەکی تربوون کە چوومە ناو قەزیەی ئەنفال، هەستم کرد کە زۆر قووڵە، چەند زانیاری دەربارەی دەزانم هێشتا ماویەتی، ماوەی شەش ساڵە لەو مەسەلەیە ئیش دەکەم، هەر رۆژەی شتێکی زیاتری لێ فێر دەبم.

زنار:تۆ زۆر دیمانەت لەگەڵ ئافرەتانی رزگاربووی ئەنفال کردووە، یان قسەت لەگەڵ کردوون، هەست ناکەی ئەوان لە ژێر کاریگەری زوڵمێکدا رووخاون، یان کێشەی سەرەکی ئەوان چییە؟

عەدالەت عومەر:بە دڵنیایی دەتوانم بڵێم ئافرەت قۆچی قوربانی مەسەلەی ئەنفالە، چ ئەوانەی گیران، کوژران، یان رزگاریان بوو، هەروەها ئەمانەش کە پاشماوەی ئەنفالن و مانەوە دوای نەمانی کەسوکاریان خۆیان بوونە سەرپەرشتیاری خێزان و بەڕێوەبردنی ماڵیان کەوتە ئەستۆ، هەر لە ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلییەکان و ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ ماوەی ٢٥-٢٤ یان ١٩ ساڵە هەموویان گیروگرفتێکی یەکجار زۆری کۆمەڵایەتی و ئابووریان هەیەو لە کاردانەوەی ئەم کێشانە، کێشەی دەروونیشیان هەیە، هەست بە ئاسایش ناکەن بەهۆی هەموو ئەو نەهامەتی و توندوتیژیەی لە پرۆسەی ئەنفال و لە دەستدانی کەسوکاریان تووشی بوون. بەپێی ئەو زانیارییەی هەمە لە ٧٤٪یان تووشی



**مەسەلەی ئەنفال تێکەڵی ژیانم بوە، من لە کاتی دانیشتنم لەگەڵ منداڵەکانمو هاوڕێکانیشم باسی ئەنفال دەکەم، زۆرجار هاوڕێکانم پێم دەڵێن کە بە زۆر باسکردنی ئەنفال ئێمەت بێزار کردووە**

نەخۆشی دەروونی هاتوون.

**زنار: لە کاری ڕێکخراوەیی لە سەنتەری ئەنفال بووی چەند لێکۆڵینەوەت کردووە؟**

عەدالەت عومەر: دە لێکۆڵینەوەو کتێبێکم هەیە لەسەر ئەنفال، لێکۆڵینەوەکانیشم زیاتر لە بواری کێشەو گیروگرفتەکانی ئافرەتانو منداڵانن، ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی زووەوە ناچاری کار کردن کراون، بۆ ئەوەی لە پەیداکردنی بژێوی ژیان یارمەتیدەری دایکیان بن، هەروەها لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی کورد لێکۆڵینەوەم هەیە، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی کیمیابارانی هەڵەبجە ئێستا لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی ژیانی کەسوکاری ئەنفالەکان لەبەر دەستە لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کە لە چ ئاستێکدان.

**زنار: دەگوترێ لە سەنتەری ئەنفال ململانێ دەکرای؟ نەمانی تۆ لە سەنتەری ئەنفال چەند پەیوەندی بە ململانێکانەوە هەبوو؟**

عەدالەت عومەر: ناتوانم ناوی بنێم ململانێ، چونکە تۆ لە هەر جێگەیەك کار بکەیت بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بۆیە دەتوانی سەرنجت هەبێ لەسەری ناوی بنێی ململانێی شەرعی یان نا شەرعی، بەڵام من پێم وابێ هەموو ئەوانەی لەوێ کارمان دەکرد، جۆرە منافەسەیەکمان هەبووە کە هەر کامەمان بتوانین بەشێوەیەکی زیاترو باشتر خزمەت بە کەسوکاری ئەنفالەکان بکەین. ئەوە هۆکاری سەرەکی نەبوو کە من لە سەنتەری ئەنفال وازبهێنم، بوومە راوێژکار لە وەزارەتی مافی مرۆڤ، زۆر کاتم بۆ ئەم ئیشە تەرخان کردبوو، بەتایبەت کە بوومە نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بەشێکی زۆر بۆ مەسەلەی تەحقیقاتەکە بوو، لەگەڵ جەماعەتی دادگای باڵا دەبووایە من بەشێوەیەکی باش ئەو ئەرکە لەوێ جێبەجێ بکەم، بۆیە بڕیارمدا بۆ ئەوەی ئەم جێگایە کەسێکی تر پڕی بکاتەوەو کاری تێدابکا.

**زنار: دوای ئەوەی لە سەنتەری ئەنفالیش نەمای، بەڵام هەر لەم بوارە کارت دەکرد، تا چەند لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق هاوکار بووی؟**

عەدالەت عومەر: من هەتا لە ژیاندام لەسەر ئەنفال ئیش دەکەم، مەرج نییە هەر بەشێوەیەی ڕێکخراو، یان لە جێگایەك کە تایبەت بێ بە ئەنفال، مەسەلەی ئەنفال تێکەڵی ژیانم بوو، من لە کاتی دانیشتنم لەگەڵ منداڵەکانمو هاوڕێکانیشم باسی ئەنفال دەکەم، زۆرجار هاوڕێکانم پێم دەڵێن کە بە زۆر باسکردنی ئەنفال ئێمەت بێزار کردووە، باسی هەر شتێك بکەین دەیبەیتەوە سەر ئەنفال، هەروەها لە دادگای باڵای تاوانەکان مەسەلەی تەحقیقات لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆك دوو ساڵی خایاند، کارێکی یەکجار باشمان کردو خەڵکێکی زۆرمان بینی، ٤٨ کەس لە دهۆك و ٢٨ کەس لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ژێر سەرپەرشتی من بوو لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە وەکو شایەت عەیان وەکو بەڵگەنامە بۆ یارمەتی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ قۆناغی پێنجو شەشو حەوتو هەشتی ئەنفال.

**زنار: زۆرجار دەگوترێ دەسەڵاتی سیاسی لە بەرامبەر ئەنفال کەمتەرخەمە، تۆ کەمتەر خەمی دەسەڵاتی سیاسی لەچی دا دەبینی؟**

عەدالەت عومەر: منیش زۆرجار تەئکیدم لەو کەمتەرخەمییە کردۆتەوە، کە بەرامبەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەیە، هەبوونی پرسگەلی سیاسی زۆر، وای کردووە کە دەسەڵاتی سیاسی کەمتەرخەم بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەسوکاری ئەنفالەکان، دوای روخانی رژێمیش مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالەکان زیاتر بە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەزانن، چونکە حکومەتێك بە ناوی حوکمەتی عێراق ئەنفالی کردووە، دەبێ ئەوانیش قەرەبووی بکەنەوەو زیاتر خەمی ئەو مەسەلەیە بخۆن، ئەمانەش



هۆکارێکی ترن بۆ کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**زنار: تۆ یەکەێک لە پاڵێوراوان بووی بۆ وەزیری شەهیدان، بۆ قبووڵ نەکرای؟**

عەدالەت عومەر: بەڵێ بە من گوترا کە یەکێکم لە پاڵێوراوان بۆ وەزیری شەهیدان، بەڵام پارەو پۆست شتێك نییە کە من زۆر پێی سەرسام بم، بەڵێ حەز دەکەم دەسەڵاتی زیاترم هەبێ بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر خزمەتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بکەم، نەك بۆ مەسەلەی تایبەتی بەکاری بهێنم، بۆ هەموو وەزارەتەکان کە ٤٢ وەزارەت بوو خەڵکێکی زۆر پاڵێوراو بوو منیش یەکێك لەوانە بووم، بەڵام پرسیاری کە بۆ نەبووم بە وەزیر دەبێت لەخۆیان بپرسی، وەڵامەکە لای من نییە، پێموایە ئەو کوتلەو کوتلەکاری ڕێگر بوون لەوەی بکرێمە وەزیر، خۆت دەزانی کوردستان مەیدانی کوتلەو کوتلەکارییە لەوانەیە کوتلەی پاڵێوراوەکانی تر بەهێزتر بووبێت کە سەرکەوتووبوون تێداو ئەمە پرۆسەیەکی ئاساییە لە هەر وەزارەتێك لە هەموو پاڵێوراوەکان هەر یەکێك هەڵدەبژێردرێت. گرنگ ئەوەیە ئەوەی لەم پۆستەدا کار دەکات بە جدی لە خەمی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان دابێتو خزمەتیان بکاتو کێشەکانیان چارەسەر بکات.. من حەز دەکەم دەسەڵاتێکی زیاترم هەبێت تا ئەو بیرو پڕۆژانەی لە مێشکمدایە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان جێبەجێ بکەم، ئێستاش کە نەبووم بە وەزیر هەر لە هەوڵدانم بەهەر جۆرێك بێ یان ڕێگایەك بێت کە بتوانم خزمەت بە وان بکەم.

**زنار: تا ئێستا چەند بەڵگەنامەت هەیە؟ ئەو بەڵگەنامانەت چۆن دەست کەوتووە؟**

عەدالەت عومەر: نازانم چەند بەڵگەنامەم هەیە، چونکە بەڵگەنامەیەکی یەکجار زۆرم هەیە، هەفتانە لە میدیا گۆشەیەکم هەیە، هەر جارەی شەش حەوت بەڵگەنامە دەخەمە روو، ئەوە پڕۆژەی کتێبێکە دەمەوێت بیکەم، چونکە ئاوا زۆری پێدەچێت تا من هەمووی بڵاو دەکەمەوە، بۆیە حەز دەکەم زووتر کتێبەکەم چاپ بکەم، تا زووتر بیخەمە بەر دەستی خەڵك.

**زنار: لەسەر ئەم مەسەلەیە تووشی هیچ کێشە نەبوویت؟**

عەدالەت عومەر: زۆرجار تەلەفۆنم بۆ کراوە، بە تایبەت کاتێك کە بەڵگە لەسەر دکتۆرەکان بڵاو بۆوە خەڵکێکی زۆر پێیان دەگوتم ناترسی باسی ئەوانە دەکەی کە ئێستا زۆریان لە کوردستانن‌و لەوانەیە هەندێکیان دەسەڵاتیشیان هەبێت، بەڵام من کێشەی شەخسیم لەگەڵ کەس نییە، ئەمە مێژووەو پێویستە بگوترێتو خەڵك بزانن کە لە کوردستان چۆن ئیشکراوە، چۆن خەڵکێك لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بەعس بۆ بەعس ئیشی کردووە، ئێستاش لێرە ئیش بۆ حکومەتی کوردستان دەکات.

**زنار: ئەی لە ژیانی خێزانیت سەرقاڵ بوونت بەو مەسەلەیە بەردەوامی زۆر کاریگەری نەبووە؟**

عەدالەت عومەر: زۆرکاریگەری بووە لە ژیانی خێزانیم، زۆرجار لە کاتی سەرقاڵیم بە بابەتێکم یان ئیش کردنم لەسەر دیکۆمێنتەکان کچەکەم پێم دەڵێ کە تۆ لەبەر مەسەلەی ئەنفال ئاگات لە ئێمە نییە، پێویستە کاتێکیش بۆ ئێمە تەرخان بکەیت، چونکە من بەیانی تا ئێوارە لەدەوامم، کاتی چوونە ماڵەوەم دوای پشوویەك دەست دەکەمەوە بە کار کردن، چونکە ئیشێکی زۆرم لەسەر کۆبۆتەوە، حەز دەکەم ئەوشتانەی لەبەر دەستم ماوە بە زووترین کات تەواوی بکەمو بیکەمە کتێبێك.

**زنار: باسی فرۆشتنی هەژدە کچی کورد بۆ وڵاتی میسر دەکرێت، ئێوە هیچ سۆراخێکتان کردووە؟**

عەدالەت عومەر: هەر هەژدە کچ نییە، بەپێی بەڵگەنامەکان نزیکەی حەوت سەد ئافرەت دەبن کە بە وڵاتانی کەنداو فرۆشراون، هەروەها دوو سەد منداڵی کوڕ، کە منداڵی بەرامبەر پەنجا دینار فرۆشراون، کە تەمەنیان لە ژێر چوار ساڵ بووە، لە زۆربەری بەڵگەنامەکانیش پیشان دراون کە زۆربەی منداڵەکان نێردراون بۆ سەربازگەی تکریت، تاکو بە ئارەزووی خۆیان بۆ مەبەستو بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەروەردەیان بکەین، مەسەلەی ئافرەتەکان دەڵێن بۆ فەیلەقی سێ بنێردرێن پیاوەکانیش بۆ فەیلەقی چوار بنێردرێن، کاتی خۆی لە کتێبی جینۆساید لە کوردستانی عێراق گەیشتۆتە ئەو ئامانجەی کە ئافرەتی کورد فرۆشراون بە وڵاتی کەنداو کەنعان مەکیە لە کتێبی (القصەو الصمت) باسی لەو مەوزوعە کردووە، کەنعان مەکییە باس لەکاتی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانی کورد دەکات لەو کاسێتانەی تۆمارکراونو ئازاردانو کوشتنو فرۆشتنی ئافرەتەکانیش وێنە گیراون وەکو قارەمانییەتی بۆ خۆیان.. زۆر لێکۆڵینەوە کراوە، بەڵام من پێم وایە دەبێ دەسەڵاتێکی پوخت بە دەنگ ئەم قەزییە بچێتو بە شێوەیەکی نهێنی ئیشی بۆ بکرێت.

**زنار: لەو ماوەیەدا ژمارەیەك چالاكڤانی بواری ئەنفال لە لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان خەڵات کران، کە تۆ یەکێك بووی لەوان، بەڵام بێ مەراسیم بوو، بۆچی؟**

عەدالەت عومەر: وەڵامی ئەوەش من نازانم دەبێ لە وەزارەتی شەهیدان بپرسی بۆ بە بێدەنگی خەڵك خەڵات دەکات، ئەو زەحمەتەی هەر کێشاوە، ئێمەش حەزمان دەکرد لە مەراسیمێکی ئەگەر بچووکیش بوایە خەڵات بکرابایین، کە شتێکی مەعنەوی دەبوو.



## دکتۆر کەمال میراوەلی

# دەمێکە من گوتوومە خەباتی چەکداری بەو شێوەیە بچیتە شاخ و جەیشی داگیرکەر راکێشی بە خیانەتی دەزانم

لەدوا سەردانیدا بۆ کوردستان و لەشاری قەڵادزێ لە کۆڕەکەی ئامادەبووین، دوای کۆڕەکە لە وتووێژێکی کورت و سەرپێیدا باسمان لە هەندێک باس و خواسی رۆشنبیری و سیاسی کرد، ئێمە وەک ستافی گۆڤاری زنار خۆمان پێناساند و چەند دانەیەکمان لە گۆڤارەکە دایە. ئەو زۆری پێخۆش بوو، دەستخۆشی لێکردین و هانیداین کە هەوڵ بدەین بەردەوامی بە کارەکەمان بدەین، هەر لەوێ پێشنیاری دیدارێکمان لەگەڵ کرد ئەویش بەڵێنی پێداین، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆر و گەڕانەوەی لەپڕیان بۆ دەرەوەی وڵات ئەوکات دیدارەکە سەری نەگرت. دوای ماوەیەک بە ئیمەیڵ و تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوەکرد و بەڵێنەکەیمان بیرخستەوە، ئەمجارەیان بەتەلەفۆن زۆربەی پرسیارکانمان بۆ خوێندەوە و ئەویش هەر بەتەلەفۆن وەڵامەکانی داینەوە و لای خۆمان ریکۆردمان کرد، هەرچەندە بەیەک شەو نەمانتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکان وەربگرینەوە شەوی دواترو لە دوو پەیوەندیدا، لە گفتوگۆیەکی فرەتەوەردا دکتۆر کەمال میراوەلی رای تایبەتی خۆی لەسەر زۆر مەسەلەو بابەتی جیاواز بۆ باسکردین.

**سازدانی موەفەق میراوەلی**

**بەشی دووەم**

سەبارەت بە ئایندەی کوردستانو عێراقو مەسەلەی جێبەجێکردنی فیدراڵی گووتی"لەراستیدا ئەوە پەیوەندی بەشتێکی زۆر بنچینەییەوە هەیە کورد، گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی بەناوی بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردەوە ئیش دەکەن فەلسەفەی سیاسیان نیە، چونکە کە فەلسەفەی سیاسیت هەبوو ستراتیژی سیاسیت دەبێت، لەستراتیژی سیاسییەوە بەرنامەی سیاسیت دەبێت، بەپێ ی کاتو رۆژو مانگ لەکاتی دیاریکراودا پلانت دەبێ کە چی دەکەیت، کاتێ فەلسەفەی سەربەخۆییت هەبوو ستراتیژیەت دادەڕێژیتو چاوەڕێ ی هاتنی دەرفەت دەکەیت، ئەم دەرفەتە بۆ سەربەخۆیی بەکاربێنیت، دەرفەتی سەربەخۆیی لەڕووی سیاسی، ستراتیژی، ئابووری، لەڕووی بوونی پەیوەندی بەهێز لەناو میللەتەکەی خۆتدا، پشتیوانی جیهانی بەتایبەت گەیاندنی مەسەلەکەت بە نەتەوەیەکگرتوەکانو ئەمریکاو بەجیهانی کردنی مەسەلەکەت، چونکە ئەم ستراتیژییە سەربەخۆییە نەبووە سەیردەکەین دەوڵەتی عێراق نەماوە، داگیرکەرنەماوە، سەربەخۆبوویت، حکومەت نەما، پێشمەرگە چۆناو کەرکووکەوە، کەواتە ئەوکات دەبوو دەنگت بگەیەنبایە نەتەوەیەکگرتووەکانو هاتبا ریفراندۆمی بکردایە، هاتبانایە سەرشەقامو خۆپیشاندان بکرابایە کە عێراق ئێمەی جینۆسایدو ئەنفالکردووەو ناچینەوە ناو عێراق، هیچی تری نەدەویست، ئەوکات ئەمریکا حسابی سفری بۆ تورکیا نەدەکرد" دکتۆر سەبارەت بەپرسی سەربەخۆیی گووتی"پرۆسەی سەربەخۆی سەرەوو ژوور کراوە، پرۆژەی بەعێراقی کردنەوەی کوردیان دروستکرد، پرۆژەی دروستکردنەوەی عێراقو دروست کردنەوەی عێراقی داگیرکەرو روخاندنی کوردستانی سەربەخۆیان دروست کرد" دەربارەی هەڵێستی دەوڵەتی تورکیاو ستراتییژیەتەکەی لەبارەی مەسەلەی کورد گووتی"تورکیا ستراتیژیەتی خۆی هەیە، ستراتیژیەتی خۆی سەبارەت بەکورد ئەمانەن، یەکەم: تورکیا لەناوخۆدا نایەوێت وەکومەسەلەیەکی نەتەوەییو مەسەلەی چارەنووسی نەتەوەیەك مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، چونکە ئێستا کورد لە تورکیا بیست ملیۆنە، تا ئێستا شۆڤێنیستی تورك نەهاتۆتە سەر ئەو ڕایەی مەسەلەی کورد لە تورکیا چارەسەربکات، دووەم: بۆ کوردستانی عێراق دەیەوێت کەرکووك نەگەڕێتەوە سەرکوردستان، چونکە گەڕانەوەی بەمانای پشتگیریەکی ئابووری هەمیشەیی سەربەخۆدێت، وەکو ستراتیژ تورکیا هەوڵ دەدات رێگە نەدات بگەڕێتەوە سەرکوردستان، دەیەوێت ستراتیژو بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆیان نەبێت، سێهەم: دەیوێت فکرەی ئابووریو سیاسیو نەتەوەیی لە کوردستان تێك بدات، کە شەریکەیەکی تورکی دێت دژ بە پەرەسەندنی ئابووری، نەك پەرەسەندنی ئابووری، تورکیا مەسەلەی(پ .ك.ك)بۆ دروستکردووە، بۆئەوە دروستی کردووە تاکو ئەو ستراتیژیەتە بەدەست بێنێت، مەسەلەی(١٤٠)لەبیر بەرێتەوە، نەهێڵێت سەرمایەگوزاری نەوت بکرێت...هتد ، لەکاتێکدا کوردستان مەسەلەی سەربەخۆی نیە، باوەڕی بەسەربەخۆیی نیە، لەهەمانکاتدا تورکیا ستراتیژیەتی نەتەوەییو نێو نەتەوەیی هەیە، من زیاترلە بیست بابەتم لەوبارە وەرگێراوە، تورکیا نە ئابووری هەیە نەهیچ، هەموو مەسەلەکە ئەوە بوو دێت یان نایەت لەزاخۆوە دێت یان بەتەیارە، سەرکردایەتی کورد خۆی رێوشوێنی بۆ دادەنا بێتە ناوەوە، هاتنە سەرئەوەی تاوان لە(پ.ك.ك)ئەو گرفتمان بۆ دروست دەکات، هاتنە سەرئەوەی نابێ لەبەرامبەر تورکیا بوەستن، هاتنە سەرئەوەی بەکردەوە پشتگیری تورکیا بکەن، ئابلۆقەی ئابووریو راگەیاندنیان خستنەسەر"هەروەها هەر سەبارەت بە ستراتیژیەتی تورکیاو هەرەشەکانی گووتی"تورکیا کاتێ ئەم هەرەشانەی کرد، نوێنەری چوو بۆ سوریا، ئێران، ئەمریکا، بەریتانیا، لەهەموو دنیا پشتیوانی پەیداکرد، مرۆڤی کورد کەرامەتو ستراتیژیەتی نەتەوەیی نیە، هەموو نەتەوەیەك

هەردەوڵەتێکی گەورەی وەکو تورکیا هەموو ئەوانە ستراتیژیەتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ستراتیژیەت لە بیروباروەڕو بۆچونێکی تایبەتەوە هەڵدەقوڵێت، موشکیلەی زروفی ئەساسی ئێمەی کوردستان ئەوەیە، کە بەهیچ شێوەیەك تاکو ئێستا: یەکەم نە بیروبۆچوون دیارە، ئایا کورد چی دەوێت، ئایا سەربەخۆیی دەوێت، ئایا دەیەوێت لەناو دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە، ئایا فیدراڵی دەوێت، ئەمە تەنها وەکو شیعاراتێکی پوچەڵ شتێکی دەرەوە هەیەو دەوترێتەوە، بەڵام ئەمە دانەبەزیوەتە ئاستێك کە بڵێن ئیشی بۆ بکرێت، ستراتیژی هەبێو روون بێت، هەموو بۆچوونو خیتابە سیاسییەکان وەکو یەك بن لەبەرئەوە سەیر دەکەیت، دەوڵەتێکی وەکو تورکیا ستراتیژیەتی هەیە، لەوانەیە مەسەلەیەکی وەکو (پ ك ك)بتوانێ بە تەنیا چەند هەرەشەیەك، هاشو هوشێك لەجیهان دروست بکات، لەناوچەی کوردستاندا دروست بکات، هەموو خەڵك بەجدی وەری بگرێت، بەتایبەتی مەسەلەی کورد سیاسەتی کورد هەموی بە جدی وەری بگرێت، خۆی هەموو کاردانەوەیەك دەبێتە کاردانەوە بۆ هەرەشەی تورکیا، لەجیاتی ئەوەی کورد خۆی ستراتیژیەتی هەبێت، سەیر دەکەیت بەچەند هەرەشەیەك بەچەند قسەیەك بەچەند بۆچونێکی سەربازی خۆی توانی زۆر شت لەکوردستاندا بگۆڕێ، وەکو ووتم ئەمانە پەیوەندیان بەووەوە هەیە، کە چۆن لەسەرەتاوە تۆ چیت دەوێتو ستراتیژیەتت چیە، کە دەڵێیت ستراتیژی، مەبەستمان ئەوەیە یەکەم ئامانجێکی یەکجار روونت هەبێت، کە دەتوانی چی پێ بکەیت" دووەم "پلانو نەخشەیەکی دیاریکراوت هەبێت کە تۆ ئەو ئامانجانەی خۆت بەکاردێنی" سێ یەم "ئەو ئامانجە چەند پرەنسیپێکی هەیە، چەند پرەنسیپێك کە شایانی گۆڕان نیە، چەند ئامانجێك هەیە کەشایانی گۆڕان نیە، لەبەر ئەوە تۆ دەبێت ئەمانە بپارێزی" مەبەستم لەوەیە ئێستا تورکیا توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت، سەرکەوتنێکی ئایدۆلۆژی، راگەیاندن، دیبلۆماسی لە جیهاندا، بەرای من کە هەمووی شتێکی بۆش بوو، هیچ ئەساسێکی هاتنەدی نیە" دەربارەی ئەوەی کەئایا ئەو هەڕەشانە کەبیانوەکەی پەکەکەیە یاخود ترسە لە ئایندەی ئەو هەرێمە کە لەباشووری کوردستان قەوارەیەك درووست ببێت، ئەمە جگە لەوەی ئایا لەم سەردەمەدا بەخەباتی چەکداری دەتوانرێت ئامانجەکان بێنە دی گوتی" مەبەستەکە بە هیچ شێوەیەك (پ ك ك)نیە، بۆ خۆی ئاشکرایە هەموو(پ ك ك)هەتا بە لێکۆڵینەوەکانی تورکیا خۆی زیاتر لە(٧٠٪)ی لەناو تورکیادا هەیە، ئەمە یەکەم، دووەم ئەوەی دەڵێ لەم بارودۆخەدا باوی شەڕی چەکداری نەماوە دەمێکە من سەرەتای(١٩٩٢-١٩٩٣) گوتوومە خەباتی چەکداری بەو شێوەیە بچیتە شاخو جەیشی داگیرکەر راکێشی بە خیانەتی دەزانم، نەك هەر بە هێزو سەرکەوتنی نازانم، بەڵام(پ ك ك)چەند جارێك لە نەوەدەکانەوە، ئێستاش هەموو دەمێك ئامادەی ئەوەی هەبووە، تەنانەت بە لێبووردنێکی گشتی بگەڕێنەوە، بەڵام تورکیا بەهیچ شێوەیەك تەنیا هیچ چارەسەرو بەرنامەیەکی سیاسی نەبووەو نیە بۆ کورد، سێهەم دیسان پەیوەندی بەمەسەلەی کوردیشەوە نیە، بە مەسەلەی کورد لەدەرەوە هەیە، تورکیا تا ئێستا وشەی ئەمەی کە عێراق قبوڵی کردووە، لە خیتابی سیاسی جیهانیدا قبوڵ کراوە کە ئەو ناوچەیەی هەرێمی کوردستان، تورکیا تا ئێستا ئەم وشەیە قبوڵ ناکات، بزانە ئایا تاوانەکە لە کوێوە دێت، ئایا تاوانەکە لەتورکیا دێت، یا لەهی خۆمانەوە دێت، تورکیا تا ئێستا وشەی هەرێمی کوردستان قبوڵ ناکات ئەمە یەکەم، دووەم دەوڵەتێکی عێراق بەناوی عێراقەوە، کەسێکی وەکو مام جەلال سەرۆکی عێراقە، وەکو سەرۆکێکی کورد نیە، سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەبیە، ئیش بۆ عەرەب دەکات، بۆ عەرەب بەراستی، عێراقی خستەوە ناو لوتکەی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لەبەرئەوەی کوردە تورکیا ئامادە نیە پێشوازی لەمام جەلال بکا وەکو سەرۆکی عێراق چونکە کوردە، کەواتە ئێمە ئێستا بەرەو چی وەستاوین

بەرەو رووی رەگەزپەرستیەكی گەورەی تورك، توركیا مەسەلەی (پ ك ك)ی تەنیا بەكارهێناوە، بۆ ئەوەی كە بزوتنەوەی كورد لەعێراقدا نەگا بە ئاستێكی بەرەو چارەسەر، یان ژێرخانێكی ئابووری، سیاسی، ئیداری، دیپلۆماسی دروست بكات، كە بەرەو جۆرێك لەسەربەخۆیی بڕوات، كار بكاتە سەر كوردەكانی توركیاش، لەروویەكی تریشەوە زۆر گرنگتر خاڵێكی تر مەسەلەی توركیاو چارەنووسی كەركووك‌و مەسەلەی(١٤٠)كە لەم ساڵەدا دەبێ جی بەجێ بكرێت، تەنیا بەو هاش‌و هووشە توركیا هەموو قەزیەكەی كرد بەو قەزیەی ئایا عەسكەر چی‌و چی بكەن‌و چ كاردانەوەیەكیان هەبێت" سەبارەت بە هەڵوێست‌و كاردانەوەی كورد لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەی توركیا دكتۆر رای وایە" هەرچی كوردە هیچ بنەمایەكی قەومی‌و سیاسی‌و دیبلۆماسی ئەخلاقی بەكارنەهێنا بەرامبەر بەتوركیا، چونكە هەرچی توركیا گووتی قبوڵی كرد، كاردانەوەكەی وەكو كاردانەوەی جەماعەتێكی بێ بەرنامەو بێ دین‌و ترسنۆك بەرامبەر توركیا دەركەوت لەهەمووجیهاندا، بۆ نمونە هەموو ئەوەیان قبوڵ كردكە(پ ك ك)تیرۆرستە كە نابێ(پ ك ك)لە كوردستانی عێراق بێت، لەكاتێكدا مەسەلەی(پ ك ك) بەراستی كە نمونەیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، دەبوو كورد(پ ك ك)بكاتە نمونە، دەیەوێ نمونەیەكی عیلمانی بێت، نمونەیەكی ئیسلامی نەبێت، نمونەیەكیش ئافرەت دەوری هەبێت، زۆربەی پێشمەرگەكانی(پ ك ك)ئافرەتن، بتوانێ لەبەرامبەر ئێران‌و توركیا بوەستێ، چارەسەری ئاشتی‌و گفتوگۆو بتوانێ دیموكراتی‌و ئاشتی بەكاربهێنێت، ئامادەیە بچێتە سنووری سیاسەتی پەرلەمانی تعددی لەناو توركیادا ئیش بكات، لەهەموو ئەمانە دەتوانێ بیسەلمێنێ (پ ك ك)نوێنەرایەتی هەموو ئەمانە دەكات، بەڵام تەنها لەبەر خاتری توركیا، ئەوان هەموو ئەوانەیان قبوڵ كرد سەیر دەكەی ئەمڕۆ گەمارۆیان خستۆتە سەر(پ ك ك)هەموو ئەو بۆچونانەی توركیایان قبوڵ كرد، ناحیەی ئایدۆلۆژی، تۆ سیاسەتی ئایدۆلۆژیت نیە، بیروباوەڕت نیە، واتا بەهاو ئەخلاقیەتت نیە، كە تۆ ئەوەت نەبوو تەواو ئەمڕۆ شتێكت پێ قبوڵ دەكات، سبەینێ شتێكی قبوڵت پێ دروست دەكات"سەبارەت بەوەی توركیا بۆچی ئەوە دەكات دكتۆر دەڵێت" چونكە ئەو قیادەی كوردی باش دەناسێ، كە ئەمە یەكەم رۆژ نیە توانیویەتی، ئێستا جەیشی توركی معەسكەراتی هەیە لە كوردستاندا، ئێستا هەموو دنیا دژی توركیایە بێتە درەوە هەتا ئەمریكاش، هەتا(نەتەوە یەكگرتووەكان)یش، بەڵام كە كورد خۆی گوتی قەیناكا با بێت لە ئێمە بدات لە(پ ك ك)بدات، واتە تەواو تۆ كورد خۆی چێكی سەوزی دایە، هەموو دنیا بێ دەنگ دەبێت، كت‌و مت بەم شێوەیە بوو، لەبیرم نەماوە(١٩٩٢)یان(١٩٩٣)بوو كەتوركیا ویستی بچێتە ناوەوە، من خۆم لێرە رۆژنامەیەكم دەردەكرد بەناوی (هەنگاو) هەموو رۆژێ چاوەدێریمان دەكرد، رۆژنامەكەمان بلاَودەكردەوە كە چۆن عالەم دژی ئەوە دەوەستا توركیا بێتە ناوەوە، واتە مەسەلەی توركیا ئەوەیە، یەكەم كورد مەسەلە ستراتیژیەكانی خۆی، مەسەلەی فیدراڵی، مەسەلەی ئەخلاقی، لەبیربچێتەوە، لەبەرچاوی جیهان سووكیان بكات، سێهەم مەسەلەی كەركووك لە بیربچێتەوە، چوارەم شەڕی (پ ك ك) بەكورد خۆی بكات، كورد خەریكی كورد بێت، ئەم براكوژیە بژیەنێتەوە، بەرای من ئەوەندەی نۆكەرو جاسووسی خۆی دروست كردووە، ئەمە شتێكی مستەحیل نیە دروست بكرێتەوە". لەمەڕ ستراتیژیەتی ئەمریكا لەهەمبەر مەسەلەی كورد دكتۆر گووتی"مەسەلەی ئەمریكا كە دەڵێ ی زلهێزە بەرژەوەندی زۆری هەیە، دێمەوە سەر مەسەلەی ستراتیژیەت كە ستراتیژیەت هەبوو، ئەم ستراتیژیە كۆمەڵێك ئامانجی سەرەكی هەیە لێ ی لانادەیت، ئامانجی كورد بەرەو سەربەخۆی بوایە كۆمەڵێ دەرفەت هەبوو، نەیتوانی بەكاری بێنێت، بۆ سەربەخۆیی، بەلاَم چونكە ئامانجی سەبەخۆیی نیە، ئەو دەرفەتانەی بەدژی خۆی بۆ چوونە ناو عێراق بەكارهێنا، كە تۆ ئامانجی سەربەخۆیت بەهیچ شێوەیەك

نەبووە، ئامانجی كوردستانیەتت نەبووە، بەهیچ شێوەیەك چوارچێوەی دەوڵەتی بۆخۆی دروست نەكردووە، بەهیچ شێوەیەك هەرچی دەیكات لەكوردستاندا شەرعی نیە، چونكە دەستووری نیە، ولاَتێك دەستووری نەبوو بەرەڵایی‌و گەندەڵیە، هەموو ئەو شتانەی كە خۆمان دەیلێین، هەموو كەسێك‌و هێزیكی داگیركەر بەئارەزووی خۆی دەتوانێ تەراتێنی تێدا بكات، چونكە دەستورێك‌و كیانێكت نیە، پەرلەمانەكەت پەرلەمانێكی .....یە، تائێستا هیچ ولاَتێكی دنیا دەعوەتی پەرلەمانی كوردی نەكردووە، بێت سەریان لێ بدا هەر ئەزانن كەسەكان حیزبین بۆ خزمەتی حیزبەكان دروست بووە، لەبەر ئەوە كە ئەمریكا(٤-٥)ساڵ دەرفەتی دایە تۆ تەواو، ئەم دەرفەتە دەرفەتی بۆشە، بۆش سیاسەتی تایبەتی هەبوو، كە دیموكراتیەتت لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاست هەبێ‌و گۆڕان روبدات، ئەگەر بۆش‌و ئەمریكا لەپشتی نەبوونایە ئێستا دەمێك بوو كوردەكان دەچوونە سەر(پ ك ك)شتەكان زۆر لەوە نهێنیترن كە هەروا بەرواڵەت دەیبینین، بەلاَم ئەمریكا دایەلۆگێكی لەگەڵ(پ ك ك)هەیە، پەیوەندیەكی لەگەڵ دامەزراندووە، ئەونایەوێت، كۆمەڵێ مەسەلە هەیە كە ناتوانین بەقوڵی باسی بكەین، مەسەلەن ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی لەتوركیا بەرەو كوێ دەچێ، ئەو حیساب بۆ ئەوە دەكەن، ئەو جۆرە حیزبەی لەسەر كارە، دیموكراتی بێت یان ببێتە حیزبێكی ئیسلامی، ئەو كاتە لەوانەیە هاوكێشەكە بە پێچەوانەوە هەڵگەڕێتەوە، لەوانەیە ئەو كاتە ئەمریكا ئەفسەری توركی‌و(پ ك ك)بكات بەیەك، لەدژی ئەو بەرەیە، لەبەرئەوە كۆمەڵێكی زۆرهەن پەیوەندیان بەگۆڕانەكانی داهاتووە هەیە، بەراستی كورد دوژمنی خۆیەتی، گێروگرفتە ناوخۆییەكان‌و گێروگرفتە كۆمەلاَیەتییەكان، دەردی نەبوونی ستراتیژیەت، نەبوونی بەهای نەتەوەیی، كەرامەتی نەتەوەیی، ئەخلاقی نەتەوەیی، نەبوونی هیچ بەرنامەیەك كە كورد وەكو مرۆڤ حیسابی بۆ بكرێت، وەكو میللەت حسابی بۆبكەن، ولاَتەكەت وەكو كوردستان ببینی نەك وەكو شوینێك‌و بۆ دەسەلاَتێك كە دەسەلاَتەكە بۆ خزمەتی كۆمەڵێك بەكاربهێنرێ، لەبەرئەوە مەسەلەی ئەمریكا مەسەیەكی زۆر قوڵە، بۆچی ئەوان ناچن بۆ پاكستان، ئەمریكا دەیەوێت ئەو هاوپەیمانیەتانە هەبێت، كە گۆڕانێك هەبوو ئەمریكا دەیوست توركیا بێنێتە ئەو ڕیزەوە توركیا ئەمڕۆ ئەندامی ناتۆیە توركیا نزیكە لەئەوروپا، بەلاَم كەتۆ قەزیەت نەبوو، وەكو ئەوە وایە كەتۆ باخێكت هەبێ هەمووی میوە بێت، كەتۆ كەسێك نەبێت لێ ی بكاتەوە لەكاتی خۆیدا هەمووی دەگەنێ" ئایا كورد توانیویەتی سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت دكتۆر لەوبارەوە رای وایە"كورد ئەمڕۆ چوار ساڵ دەرفەتی هەبوو، كورد نەیتوانی سوود لەودەرفەتەی ببینێ، چ لەناوەوە چ لەدەروە بۆ دوژمنانی جێ هێشت، بەدارڕزاندنی كۆمەڵگای كوردی كە مرۆڤی كورد خۆی دارزێنراوە لەلایەن خۆیەوە، چ لەدەرەوە كە سومعەی كورد وەك پێویست نیە، چونكە ئەوان وەكو عێراق قسەدەكەن، كە وەكو عێراقی قسە دەكەن تۆ لە عێراقدا حەكیم لە تۆ گرنگترە، عەللاوی لە تۆ گرنگترە، لەعێراقدا عەرەبەكان لەتۆ گرنگترن، تۆ ناتوانی منافەسەی عەرەبەكان بكەی لەعێراقچیەتیدا، كەواتە تۆ كەسیەتێكی هەزیلی وەكو مورتەزەقە حسابت بۆ دەكەن، واتە كورد هیچ راگەیاندنێك‌و بانگەشەیەكی بۆ پارێزگاریكردنی لەخۆ بەكارنەهێناوە" بەلاَم كورد كۆمەڵێك نەهامەتی بەسەر هاتووەو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرپرسە لەوەی كە ئەم كردەوانە جارێكی دیكە دووبارە نەبنەوە، رای دكتۆر لەم مەسەلەی بە شێوەیەكی دیكەیە" ئەگەر چی تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی ئەنفال لە هیچ شوێنێكی جیهان بەكار نەهاتووە، گەیشتینە ئەو ڕاددەیەی بەرگری لە عەلی حسن مەجیدو سوڵان هاشم بكرێت، كەواتە دنیای ئێستای دەرەوە چ حسابێك بۆ كورد بكات، چۆن وەكو نەتەوە حساب بۆ كورد بكات، كورد شایانی ژیان نیە. كەرامەت‌و ئەخلاقی نەتەوەیی نیە، كە ئەخلاقی نەتەوەی نەبێت(٢٠٠٠٠٠)هەزار لەژێر



گۆڕدایە بەو شێوەیە قەلاچۆت بکات، بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ ناکەیت، پاشماوەکانی ئەنفال بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ ناکەیت، واتە ئێمە لێرەوە دەتوانین بچینە سەر مەسەلەی ئەو پرسیارەی پێشووتان، ئایا بۆ من ناگەڕێمەوە بۆ چەندەها خەڵکی کورد ناگەڕێتەوە، بۆ لەئەوروپا قەزیەی کوردی قەت بەرەو پێشەوە ناچێت، دەچینەوە سەر مەسەلە ناوخۆیەکە، من چەند جار خۆم گەڕاومەتەوە، واتا بەراستی هەموو جارێ کە ئەگەڕامەوە باوەڕ بکە بۆ ماوەی سێ مانگ نەخۆش دەبم(بە پێکەنینەوە)ناتوانم بنووسم، ناتوانم بیربکەمەوە، چونکە ئەو جارە کە گەڕامەوە بەتایبەتی پار، یەك شتم بۆ دەرکەوت کە دووشت لەکوردستان نەماوە، مەفهومی مرۆڤ واتە شتێ هەیە چەمکی مرۆڤ کەوا مرۆڤ هەیە، لەم ولآتەدا مرۆڤ شایانی ئەوەیە بژی، لەسەر شەقام نەمرێ، بەنەخۆشی نەمرێ، بە کولێرا نەمرێ بە خواردنی خراپ نەمرێ، ژن نەکوژرێو فڕێ نەدرێ، بەسوتان نەمرێ، سەیارە لێ ی نەداو نەمرێ، مافی ئەوەی هەیە بژی، مافی ئەوەی هەیە ژیانی هەبێ کارەبای هەبێ، سوتەمەنی هەبێ ئاوی هەبێ، ئەم مەفهومە نەماوە واتا تۆ گەیشتیتە سفر، قسە لەسەر گرفتەکە نیە کێیە، نەخۆشی، ئێکسپایەر چەند جار خەڵکی پێ دەمرێ، کەسێك نیە بڵێ بۆ ئەو نەخۆشیە هەیە، دێهاتی کوردستان وێران دەکرێ، دێمەوە سەر مەسەلە سەرەکییەکە مەسەلەی تورکیات بۆ باس بکەم، کە کاك نێچیرڤان مقالەیەکی لەدەرەوە بلآوکردەوە لە ئەمریکا بەمەبەستی بەرگری لەکورد دەڵێ(٧٠٪)ی ئابووری ئێمە بەتورکیاوە بەندە، جابزانە تۆ خۆت دەوڵەتێك بێزی نایە ناوت بێنێ، ئیعترافت پێ ناکا، وشەی کوردستان کە هەرێمی کوردستانە بۆتە شتێکی رەسمی دژی بەکارهێنانیەتی سەرۆکی دەوڵەتێکی عێراق چونکە کوردە ئامادە نیە، بێزی نایە بانگی بکات قسەی لەگەڵ بکات، تۆ خۆت دەرگا بۆ تورکیا بکەیتەوە، ئابووری خۆت وێران بکەی، دێهاتی خۆت وێران بکەی، کوولتوری خۆت وێران بکەی، دەرگا بۆ تورکیا بکەیتەوە وەرە نەوتم بۆ بدۆزەوە ئەوەی ئەبینرێت هەمووی جاسووسە هەمووی بۆ تێکدانی کوردستانە نەك بۆ پێشکەوتنی لەکاتێکدا کەس نازانێ ئەو رێکەکەوتننامانە کێ دەیکا لەگەڵ تورکیا کە تورکیا دوژمنی گەورەیە، کە گەورەترین دوژمنتە پێشووتر باسم کرد کەتۆ نەك تورکیا نابێ بێنیتە سەر ورگی خۆت ئەی تۆ چۆن بە ئابووری دەیوێریە بە ئابووری بیهێنیت، واتە ئابووری ئیستعماری تورکیا قبوڵ بکەی، ئەمڕۆ تورکیا ئیستعماری ئابووری ناوچەکەی کوردستانی کردووە، ئیستعماری ئابووری، بەلآم کێ بەرپرسە، بەرپرسە حیزبیەکان بەرپرسن، کێ ئەو گرێبەستانە دەنووسێت، ئایا پەرلەمانێك پێ ئەزانێ یان کورد پێ ئەزانێ قازانجەکە چۆنە، هەموو ئەگەڕیتەوە بۆ ئەو گەندەڵیە، بۆ سەدان پسپۆڕ هەیە بۆ ئەوانە ناهێننەوە، ئەوانە بۆ ناهێننەوە؟ چونکە ئەوان شارەزان کە ئێمە ئەمانەوێ لەکوردستان ئابووری سەرمایەگوزاری جیهانی دەبێ هەبێت، دەستوورت هەبێ، یاسات هەبێ، دەبێ بانکی دەولی لەوێ هەبێو بکرێتەوە، من لە لاتڤیا(١٠-١١)ساڵە لەگەڵ ئێمە سەربەخۆبوون، بەدەیان بانکی دەولی بەدەیان

کۆمپانیای دەولی بەشێوەیەکی رەسمی لەوێ دەکرێتەوە، هەرجارەی دەچم ولأتەکەیان بەماوەی دووسالّ جارێك نایناسمەوە، ئێمەش دێهاتمان نەماوە، ئابووری خۆت نەما، کە خیانەت نەبێ ئایا چی تێدەچێ رێگایەکی باش دروست بکەیت بۆ هەموو دێیەکان. خەڵکی لادێ بێتە شارو بچێتەوە لادێ، چی تێدەچێت لە دێیەکە نەچیت بیکەیت بە پۆلیسو هەموو ئەمانە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستانن، ئەم سێ دەوڵەتە(سوریا، تورکیا، ئێران)جێ بەجێ ی دەکەن، کورد خۆیەتی".

سەبارەت بە ئایندەی رۆشنبیریو راگەیاندن لە کوردستان دکتۆر کەمال میراودەلی دەڵێت"لە لایەکی راگەیاندنێکی بێ بنەماو تەلەفزیۆنی بێ بنەما، ئەم هەموو رۆژنامە بێ مانایە، من کە لێرە وەرگێران بۆ(بی بی سی)دەکەم، لە سەد وتار وتارێکی بە قیمەتی تێدا نیە کە شایانی وەرگێران بێت، ئەو وتارانەی هەڵیدەبژێرم سەدا پەنجای وتارەکانی هاولأتین، کە رەخنە لەو گەندەڵیە دەگرێت کە لەکوردستاندا هەیە، ئەمە وەردەگێردرێت لەجیهاندا ئەمە رای کوردە نەك ئەم هەموو هاشو هوشەی راگەیاندنە حیزبیەکان بڵاوی دەکەنەوە".

سەبارەت مەسەلەی کەرکوكو ماددەی سەدوچلو ئایندەی ئەوە شارە گووتی" مەسەلەی کەرکووك گەمەیەك بوو بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری کورد، نووسیومە شەوی رزگارکردنی کەرکووك، ئەو شەوەی کە پێشمەرگەچۆ ناو کەرکووکەوە، شتێك نوسی بۆ گاردیان کە سەرکردایەتی کورد ئەمریان کردچۆڵی بکەن، هەر ئەوشەوە کەرکوك دۆڕا، کەتۆ هەژارو دەربەدەرو ئاوارەو تێهەڵدراوی کورد رێکەی نەدەی بچێتەوە ماڵی خۆی، کاتێ، لەوشەوە ساسەتی ئێمە بوو بەسیاسەتی داگیرکەر، لەدەرەوە بلاوبۆوە نوسیومە"تورکیا دەبێ گوللە قووت بدا"چونکە تورکیا بەشێ لە سیاسەتی عێراقو ئەمریکا نەبوو، بەتەنیا مابۆوەو عەرەب نەمابوو، هەمووکەس دەزانێ بەپارەیەکی کەم عەرەب دەڕواتەوە، کەگووتم هەرەشەکە بۆ ئەوەیە تۆ هیچ ستراتیژیەتێکت نیە، بۆ ئەوەی تۆ سەرت لێ بشێوێت، کە ئەمڕۆ مەسەلەی(١٤٠) نەبێت، کە(١٤٠)تورکیا تێکی نەداوە، هەرەشەی تورکیا تێکی نەداوە، بڕۆ لەخەڵکی کەرکووك بپرسە، لەخەڵکی خانەقین بپرسە، ئەو تاوانو جەریمەیەی لە ساڵی(١٩٩٢-١٩٩٤)کە لەکوردستان کردیان لە سلێمانیو هەولێرو دهۆك کردیان کوردیان بەکورد بەکوشت دا، بەشەڕی حیزبایەتیو ناکۆکی، هەرکەسێك بۆ تەماع زەوی داگیربکات، خانوو داگیر بکات، ئەمەیان بردە کەرکووكو خانەقین، من هەر لە بەرپرسێکی گەورەی یەکێتی بیستوومە، ئەمڕۆ خەڵکی کەرکووك پرسی پێ بکەن، دەڵێ ئەمڕۆ ئێمە با سەربەخۆبین، نەچینە ناو ئەم دوو حیزبەوە، چونکە ئەزانن هەموو شتێ داگیردەکرێت، دیسان جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەو پرسیارەی بۆ ناتوانم بگەڕێمەوە، لەولأتێکدا دیموکراتیو دادگەری تێدا نەبێت، ئابووری بەدەست حیزب بێت، حیزبیش هەر گەندەڵو شاخاویو دواکەوتوو بێت، ئێ کە تۆ دامو دەزگا دروست دەکەیت، ئەو دامو دەزگایە ئامانجی هەیە، ئامانجەکە میللەت بڕیاری دەدات، خەڵك ئەڵێ بەدیل چیە. بەدیل ئەوەیە دەسەلأت بدەیتە میللەت، خەڵکی قەلأدزێ بڕیار دەدا چیان دەوێت چیان پێویستە، خەڵکەکە ئەنجومەنێك هەڵدەبژێرێ، ئەنجومەنەکە دەڵێ ئێمە ئەو پرۆژەیەمان پێویستە پارەکە دێتە ئەو ئەنجومەنە دەبێ خەرجی بکات، بەلأم ئێمە ولأتێکین دوای (١٦)ساڵ(٥٦)ئەندامی پەرلەمان داوا بکات، ئایا بودجەی حیزبەکان چەندە؟ وەلأم نەدرێتەوە، ئەو پەرلەمانە چیە، ئەو(٥٦)ئەندام پەرلەمانە چ حیسابێك بۆ خۆیان دەکەن، کە چەند جارە داوا دەکەن، وەلأمیان نادرێتەوە، کە ولأتێ مرۆڤێکی تێدا نەبێ هەست بە ئینسانیەت بکات، هەست بە پارێزگاری لەمیللەت بکاتو بۆ خاتری پارە تەنازول بکات، ببێتە وەسیلەیەك لەو گەندەڵیە کەواتە تۆ هیچ قیمەتێکت نامێنێت، دیسان دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەکە، ئەوە نیە کە تورکیا هەرەشە دەکات، تورکیا دەزانێ ئەو هەرەشەیە مەسەلەی(١٤٠)ی هەڵوەشاندەوە" لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی کە ئەی کورد چی بکات لە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە دکتۆر دەڵێت" سەرکردەمان هەیە دەڵێ چی بکەین داوای سەربەخۆیی بکەین دەمان خۆن ئێ باشە دەتخۆن چ چارەسەرە، چارەسەر ئەوەیە داوای سەربەخۆیی بکەیت، چۆن داوای سەربەخۆیی دەکەیت دەبێ بچێت بۆ(نەتەوە یەکگرتووەکان) تۆ دەچی بۆ عێراق بۆ دوژمنی خۆت دەستوور بۆ عێراق دروست دەکەیت، بەڵێ (بەپێکەنینەوە) ئایا فەلەستینیەکان دەچن بۆ تەلئەبیب دەستووری فەلەستین بۆ تەلئەبیب دروست بکەن، یان داوای سەربەخۆیی دەکەنو ئەمریکا بانگیان دەکات، ئەمریکا ئەم هەموو ولأتانە بانگ دەکا بۆ مەسەلەی فەلەستین، دوایش ئەمریکا بە بێ (نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەنجومەنی ئاسایش بریاردەدا، ئەوە چارەسەری قەزیەی فەلەستینە، کوردیش تا نەچێتە(ئەنجومەنی ئاسایش) بڕیار نەدا، هەموو ئەوانەی کە ئەڵێن ئەوحیزبانە دەستوورمان بەدەست هێناوەو فێدڕاڵی هەمووی درۆیە. تا نەچیتە (نەتەوە یەکگرتووەکان) تایەخەی(نەتەوە یەکگرتووەکان)نەگرین وەرە ریفراندۆم بکە تا مەسەلەی ئەنفال نەچێتە مەسەلەی جینۆسایدی نێودەوڵەتی کە کورد خۆی نایکات، من چوومە (نەتەوە یەکگرتووەکان)و ئیمزاکانی ریفراندۆمم برد بۆ ناو (نەتەوە یەکگرتووەکان)من پاش شەش مانگ هاتمەوە کوردستان وابزانم ساڵی(٢٠٠٤)بوو، هاتمەوە دوای(٢٠٠٥)هاتمەوە بۆکوردستان لەگەڵ زۆر کەس دانیشتم ئێستاش قبوڵ ناکەن، عێراق مووچەمان نەداتێ ئینهیار دەکەین، ئێ باشە کەواتە خۆت ئینهیار بەخۆت دەکەیت، کەواتە ئەوەی دەڵێن مەسەلەی فیدڕاڵیەت هەمووی درۆیە ئەگەر راست دەکەن، تورکیا، سوریا، ئێران ناتوانێت تداخولاتت تێدا بکات، ئەگەر تۆ قەزیەکەت بەریتە(نەتەوە یەکگرتووەکان)ئێستا دەوڵەتێکی وەکو(تەیمووری رۆژهەلأت)دەوڵەتێکی زۆر بچووکە( ٨٠٠٠٠٠)هەزار کەسە، رووبەرووی ئەو دەوڵەتە گەورەیەی ئەندۆنوسیای وەستا، چەند ئەوەندەی تورکیایە، گووتیان ئێمە ریفراندۆم دەکەین، داوای سەربەخۆیان کرد، ئێستا دەوڵەتن تەواو ئەندۆنوسیاو کەسی تر ناتوانێ تداخولیان تێدا بکات، کورد قەزیەکەی نەباتە(نەتەوە یەکگرتووەکان) هەموو ئەو دەسکەوتانە فشەیە، هەمووی درۆیەو بردنەوەی کوردستانە بۆ ناو ئیستعماری عێراقی".

سەبارەت بە سەرکردایەتی کوردو هاوپەیمانیەتی ئەمریکا دکتۆر بەگاڵتەوە گوتی" هاوپەیمانیەتی هەیە! وەلاهی گاڵتەم پێ دێ، بۆچی ئەمرۆ سەردەمێك نیە، ئێستا بزانە ئەوشتە سەیرانە لەسەدەی بیستو یەکەم دەیلێن، سەرکردایەتی کوردی دێتەوە، وەڵلا(دیك چینی)وای گووت، (بریمەر)وای گووت، ئەمڕۆ ئەو سەردەمە نیە، ئەمڕۆ کەگووتم ئەمریکا هاوپەیمانە دەبێ شتێك هەبێ، کەگووتم ئەمریکا هاوپەیمانە دەبێت نووسینێك هەبێت، ئەمریکا بڵێ ئێمە ئیلتزاممان بەوەوە هەیە، بەلأم سەیر بکە راپۆرتەکەی کۆتایی سەرۆکی ئەرکانی جەیشی ئەمریکا ناوی کوردو ناوی سەرکردەکانی کورد ناهێنێت، من خۆم گوێم لێ بوو بیست جار گووتویەتی جەنابی سەرۆك مالکی یەك جار ناوی مام جەلال، یەك جار ناوی کاك مەسعودی نەهێنا، کە تۆ بریمەر دێت، میللەتی کورد وەکو مەیموون بێنێتە سەر شەقام، بڵی برێمەر برێمەر، گوڵ باران دەکرا، باشە تۆ نابێ بە میللەتەکەت بە پەرلەمانەکەت بڵێ ی بۆچی پەرلەمان برێمەر گوڵ باران دەکەیت، چ پەیمانێکی پێ داویت، پەیمانەکە کوا، کوا نوسراوەکە، دوای برێمەر کە ئەنوسێ، ئەڵێ گاڵتەم پێ کردن، ئەڵێ داوای دوو سێ شتیان کرد من پارەم داونێ کڕیوومن، هەر شتێك لەم سەردەمەدا نەبێتە نوسراو، نەبێتە پەیمان، پەیمانەکەش ئیللا نەچێتە(نەتەوە یەکگرتووەکان) موافەقەی لەسەر نەکرێ درۆیە، ئەمریکا بۆ ماوەیەکی کاتی ئەم هەموو گەندەڵیەیان لێ دروست دەکات، هەڵبەتە ئەزانێ بەلأم تۆ چ دەزانی دەربارەی گەندەڵی، ئەمریکاو بەریتانیا ئەوەندە دەزانن، سەدان راپۆرتیان بۆ دێت بەناوو بەرۆژ، لەمەسەلەی سیاسی، ئەخلاقی، دزی، هەوالگری، هەمووشتێکیان لەسەر دەزانن، بەلأم ماوەیەکە بەپارە کڕیویانن، تاکو قەزیەکە بەسەر دەچێت".

# ئەزموونی چیا



هێمن مەهدی نەقشبەندی

## برادەرە هیندییەکە چی پێگوتین

گەر لە فیلمە هیندییەکانەوە، تەماشای خەڵکی ئەو وڵاتە بکەین، رووبەڕووی گەلێ هەڵەی گەورە دەبینەوە، سەرباری ئەوەی میللەتی هیند، ئارەزوویەکی سەرەکییان بینینی فیلمەکانی خۆیانە و ئەکتەرەکانی(بۆلیود) کەم مرۆڤ هەیە دەیان فیلمی نەدیتبن(چونکە ساڵانە زیاد لە ٣٦٠ فیلم بەرهەم دێنن). لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی زۆر تایبەتمەندین کە شایانی باس لێوەکردنن:- کۆمپانیای(مایکرۆسۆفت)ی بیلێ گیتس بە ٢٠٠٠ ئەندازیار و پرۆگرامەری هیندییەوە، سەراپای جیهانی داگیرکردووە، زۆرترین زانای بوارە زانستییەکان لە هیندستاندا هەڵکەوتون، خاوەنی تەکنۆلۆژیای ناوەکییەو یەکێکە لە وڵاتانی بەشدار لە(یانەی ناوکی)، تەنانەت سەرۆکی وڵاتەکەیان زانایەکی فیزیکە!.

بەڵام وەك چۆن دەوڵەمەندو سەرمایەداری زەبەللاحی تێدایە، هەژارییەکی ترسناکیش هەیە، کە وەك باوەو باسی دەکەن(مرۆڤ هەیە لە شەقامدا لەدایك دەبێو لە شەقامیش دەمرێ)، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئاینە، کە بەو پێوەرەی چەندین ساڵە لە زەینی ئێمەدا نەخشاوە، دەبوو بەردەوام لە سەنگەردا بوونایە بۆ یەکدی. بەڵام ئەوەی رایگرتوون وەك چالاکوانی مافی مرۆڤ لە میسر(سەعدەدین ئیبراهیم) دەڵێ: (دیموکراسیەتی فیلەکان)ە، کە ئەم وتەزایەی لە یەکێ لە سەرکردەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتووە(وا بزانم جەواهر لال نەهرۆ بووە)، دیموکراسیەکەیان وەك فیل هەنگاوەکانی لەسەرەخۆ هاتووە، بەڵام پتەوو تۆکمە بوون، کە لە ناخی هەر تاکێکیاندا رەنگیداوەتەوەو پراکتیکانە پیادەی دەکەن.

هەر ئەم دیموکراسیەتە لەسەرەخۆیە وایکردووە، بواری دەستێوەردان لە هیندستاندا کەم بێ، چونکە لە پاکستانی دراوسێیاندا دەبینرێ چ پاشاگەردانیەکە. هەرچۆنێ بێ هیندستان وەك چۆن خاوەنی رۆژانە فیلمو نیوێکە لەگەڵ شەش گۆرانی لە هەر فیلمێکدا، خاوەنی تاگورو گاندیو نەهرۆو شارستانیەتێکی دەوڵەمەندە، هەر کاتێ باسی فەلسەفەی رۆژهەڵاتی بکرێ، ناتوانرێ هیند لە بیرکرێ. ئەم میللەتە مێژوویەکی دوورو درێژیان لەگەڵ کۆلۆنیالیزمدا هەیە، وەك خۆمان، ئەوان توانییان بە خوری مەڕەکانیان، جلوبەرگ بۆ خۆیان بچنو دەستبەرداری کاڵای بەریتانی بێگانە بن، دەستبەرداری هەموو خواردنێکی بیانی بوون، تا بە برسێتی خۆیان، عەرشی شاهانەی بەریتانیای مەزنیان هێنا بە چۆکدا، بۆیە ئەوان باشتر لە ئێمە دەزانن رێگەی ئازادی لە کوێوە هەنگاوی بۆ دەنرێو باجەکەشی چەندە؟.

برادەرێکم لە سەرەتای ٢٠٠٣ لە کۆمپانیایەکدا کاریدەکرد، بۆی گێڕامەوە:- کارمەندێکی هیندیمان لەگەڵدایە، رۆژێك پرسیاری لێکردم: چۆن دەڕواننە ئەم هەڵمەتەی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق؟ منیش پێمگوت: زۆرباشەو پێشوازی لێدەکەین، چی لەوە باشتر نابێ. برادەرەکەم کەوتبووە باسکردنی کورتەمێژوویەك لە بارەی کوردەوە، کە چ ستەمێکی لێکراوە لەلایەن حکومەتی سەدامو بەعسەوە، هەر لە ئەنفالو کیمیابارانو راگواستنو وێرانکردنی گوندەکان. بەڵام کارمەندە هیندییەکە پێی گوتبوو: پێویستە ئاگاداربن، راستە ئێستا دڵتان خۆشە کە حکومەتی ئێراق سەراوژێر دەکرێ، بەڵام دەبێ بزانی لە بەرامبەر ئەو ئازادییەی ئەمریکا پێتدەبەخشێ، زۆر شتی دیکە لە دەست دەدەیت، کە رەنگە هەندێکیان ئازادییەکەتان بێ بەها بکات. برادەرەکەم پرسیاری لێکردبوو: وەکو چی؟ ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە گوتبووی: دەیبینن، بەڵام وەك گوتم ئاگاداربن، لە خۆڕا چەپڵە لێمەدەن.

لەدوای ٢٠٠٣وە زۆر شت روویدا، لە کارەساتو هەڵەی کوشندە، هەمووشی بە(ئاگری دۆستان)و(بێدەنگی لەبەرخاتری هاوپەیمانێتیمان) ناوزەد کرا، وڵات بووە بەرخۆرێکی (ئیستیهلاك) گەورە لەبری بەرهەمهێن، ئازادبووین، بەڵام زۆرشتی دیکەمان لەدەستدا، کە رەنگە خوێنەر لیستێکی درێژتری هەبێ، تەنانەت لە رووی سیاسیشەوە کارتی جارانمان بەهێزتر بوو لە ئێستا. هەرجارێکیش کە نەهامەتیەك دەبینم یان دەبیستم، دەڵێم برادەرەکەی لەمەڕ(تاج مەحەل) چی پێگوتین...

سەوسەن سەلیم

# زەعیفە ناساندنی ژنان پاشکۆکردنی شەخسەیتیانە بەپیاوانەوە



سەوسەن سەلیم، لەدایك بووی شاری سلیمانی سالی ١٩٥٧و دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین بەشی بایەلۆژییە، ماوەی ١٠ سال مامۆستای ئامادەیی بووە لەهەردوو شارەکانی هەلەبجەو سلیمانی، لەسەرەتای سالانی هەشتاکانەوە تێکەڵ بەکاری سیاسی بووەو لەنێو گروپ‌و ریکخراوە چەپەکانی کوردستاندا کاریکردوە، سالی ١٩٩١ لەراپەرین‌و بەتایبەتیش لەبزوتنەوەی شوراکانی ئەم ساڵەدا بەشداری چالاکانەی هەبووەو یەکێك بووە لە دامەزرینەرانی "ریکخراوی ژنانی شۆرشگێر" کەدواتر هەلسوراوانی ژنان لەم بزوتنەوەیەدا، رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان دامەزراندووەو دواتریش پۆستی نوینەرایەتی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی لەدەرەوەی وڵات پێسپێردراوە، لەبوارەکانی نوسین‌و بڵاوکردنەوەدا تائێستا جگە لە کتێبێك لەسەر ( بزوتنەوەی ژنان لەکوردستان ) دەیان وتارو لیکۆڵینەوەی نوسیوە لەسەر بوارە جیاجیاکانی تایبەت بەماف‌و کێشەکانی ژنان، سالی ١٩٩٤ چۆتە دەرەوەی وڵات‌و ئێستا لەوڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە، یەکێکی دی لەچالاکیەکانی سەوسەن ئەوەیە کەلەساڵی١٩٩٨دا ریکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستانی لەبەریتانیا بەبەشداری ژمارەیەکی دی لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان دامەزراندووە، ئێستا وەك لێپرسراوی ئەو رێکخراوەیە کار بۆ ژنانی کوردستان دەکات لە بەریتانیا، لەگفتوگۆیەکی تایبەت بەگۆڤاری ( زنار ) دا خاتوو سەوسەن ئاوا وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە..

**گفتوگۆی : ئەرسەلان مەحمود**

زنـــار: هۆکار چییە ئافرەتی خۆرهەڵاتی نەیتوانیوە ببێتە خاوەن کەسایەتیەکی سەربەخۆ، یان بۆچی پێگەی بەتەواوی لەیاساو رێسا نوسراوو نەنوسراوەکاندا بزرە؟..

سەوسەن سەلیم: لەسەرانی دەوڵەتانەوە تا دەزگاکانی راگەیاندن‌و مەلاو قەشەو تەنانەت رۆشنبیرانیك کەموچە لەدەسەلاتداران وەردەگرن، هەر هەموویان رۆژانە بەسەر ژناندا هەڵدەدەن‌و باسی"پیرۆزی ئافرەت"و"نیوەی کۆمەڵ" دەکەن، بەلام لەولاشەوە هەموویان لە هەوڵی مانەوەی ژێردەستەیی‌و کۆیلەبوونی ژناندان، تەنانەت لەبەرامبەر سەرەتایترین مافی ئینسانی ژناندا، لەوانە ئازادی سەفەرو جل‌و بەرگ پۆشین‌و زەواج‌و تەلاق‌و.. بەئاشکرا رادەوەستنەوەو ئەم مافانە بەداوای "فەسادی کۆمەڵگای رۆژ ئاوایی" لەقەڵەم دەدەن. ئەم واقعیەتە نیشانەی کۆیلەیەتی‌و ژێردەستەیی ژنان لەکۆمەڵگای خۆرهەلاتی‌و لەوانەش کۆمەڵگای کوردستاندا دەسەلمێنێن. ئەم ژێر دەستەیی‌و کۆیلە بوون‌و بێمافیایەی ژنان، سەربەخۆیی کەسایەتی لەژنان سەندۆتەوەو بەکردەوە وەك ئینسانی پلە دوو داناوەتەوە. بەڵام ریشەکانی نابەرابەری‌و ژێردەستەیی ژنان‌و "زەعیفە" نیشاندانی ژنان ریشەکەی لە سیستەمی سەرمایەداری‌و بەم هۆیەشەوە زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری‌و پەتریارکیدایە بەسەر کۆمەڵگادا. لەم سیستەمەدا کەژنان لەکاردابەشکردنی کۆمەڵایەتیدا جێگای هێزی کاری هەرزانیان بەسەردا براوەو کاری ناومال بۆتە هەویەی زیندەگی‌و شەخسییان، بەتەبیعەت تەحقیر دەکرێن‌و کاری بێکرێ‌و بێ بەرامبەریان پێدەکری. وەرن بالەم واقعیەتە کەمێك وردبینەوە..